# بانگەواز لە گۆڤاری پزیشکی و دەرمانی هاوەڵ
# بۆ گشت پسپۆرانی باری پزیشکی و دەرمانی

گۆڤاری "هاوەڵ" گۆڤارێکی زانستییە کە تەنیا نووسراوەی پزیشکی و دەرمانی بڵاودەکاتەوە. یەکەمین ژمارەی ئەم گۆڤارە دوو هەفتە لەمەو بەر لە وڵاتی کەنەدا بڵاو بووە. وەک بەڕێوەبەری "هاوەڵ"و کوردێیکی دەرمانسازی خاوەن 8 ساڵ ئەزموون لە وڵاتی کەنەدا، دڵنیام کە کوردانی پسپۆرلە پیشە جیاجیا کان ـ کە لە وڵاتانی پێشکەوتودا پەروەردە کراون ـ دەتوانێن باشترین خزمەت بە کورد و کوردستان بکەن. هەر بۆ ئەم مەبەستە پیروزە، "هاوەڵ" دەست بۆلای تەواوی پسپۆران درێژ دەکات تا هاوکاری بکەن و هاوەڵ لە گشت روویەکەوە دەولەمەند بکەن.

دەرکردنی گۆارێکی بەهێزی پزیشکی و دەرمانی دەتوانێت ببێتە پردی گۆاستنەوەی ئەو پیشانە لە وڵاتانی پێش کەوتووی جێهانەوە بۆ کوردستان. پسپۆرانی پزیشکی و دەرمانی کورد زمان لە تەواو جیهاندا، وەک ئەرکی سەر شانییان، دەتوانن ببن بە پێشرەو چاوساغ. هەروەها "کوردداندنی" ئەزموونە باشەکانی کومەڵگاکانی ئەم وڵاتانە، ببن بە هاندر بۆ گشت پسپۆرانی بواری دیکەی پێشکەوتن تاکوو بۆ خزمەت کردن هەنگاوی گەورەتر باوێژن.

هەر چون یۆنان سەدەی 19 وەک سەدەی " دۆزینەوە" لە مێژوودا بو خۆی سەبت کرد، وەرن تا پێکەوە بۆ کوردستان، 2 دەیی سەدەی 21 بکەین بە کاتی گۆاستنەوەی فن و تەکنیک و سەدان ساڵ چەوسانەو بیَ بەشی بۆ روڵەکانی کورد ونەسڵی داهاتوو قەرەبو بکەینەوە.

"هاوەڵ" پێویستی هەیە کە بتوانێت پشت بە پسپۆرانی باری پزیشکی ودەرمانی بە بەستێت و تا بە کوردی پاراو نوسراوەکانی ئامادە بکات و بە زمانی نەخۆش بدویَ و بوار بۆ ئەوە خۆش کات کە کورد چ لە ژوورەوەی کوردستان و چ لە دەرەوەی کوردستان بتوانێت لە باشترین خزمەت بەهرەدار بێت.

سەید قادر – دەرمان ساز

بەرێوەبەری گۆڤاری *"هاوەڵ*

**hawel.publication@gmail.com**